
چاوپێکەوتن

عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی:

# ڕەخنەی کوردی لە زاراوەدا دەوڵەمەند نییە، چونکە بە چاکی میتۆدە جۆراوجۆرەکانی بەکار نەهێناوە



سازدانی: س.ح

عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی یەک لە رەخنەگر و وەرگێڕە ناسراوەکانی ئەدەبی کوردییە، لە ساڵەکانی حەفتاوە وتار و نووسینی لە کۆوارە کوردی و عەرەبییەکانی وەک" سەقافەی ئەجنەبی" ،"ئەقلام" و "مەدا" ، رۆژنامە کوردییەکان بڵاو کردووەتەوە، هەروەها چەندان تێکستی کوردیی کردووە بە عەرەبی و بە پێچەوانەوە ئەم بەرهەمانەی بە زمانی عەرەبی بڵاو کردووەتەوە "خەنجەری تینوو، شیعر"،"کوردستان و کورد، وەرگێڕان"، "ماسی ئاڵتوونی، شیعری وەرگێڕاوی لەتیف هەڵمەت"،"راوکردنی شەپۆلەکان، شیعر"، "شەپۆلەکان، شیعر"، "دیوار، کورتەچیرۆک"، "وەلی، کورتەچیرۆک" هەروەها چەند بەرهەمێکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی وەک "بانگەلێک، شیعری وەرگێڕاوە"و "شڕوشیتاڵی شاهان، جان دەمۆ، شیعر" و چەند بەرهەمێکی تری نووسەرە ئێرانییەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی وەک شەمس لەنگوردی و ئەحمەد دەوڵەت ئابادی، لە سەرەتاکانی ١٩٩٠ لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر کۆواری "پرۆژە"ی تایبەت بە رەخنەی ئەدەبی دەرهێناوە و خاوەنی بەیاننامەیەکی شیعرییە، هەروەها سەرنووسەری کۆواری "گەلاوێژی نوێ" یە و ئێستەش لە مەڵبەندی کوردۆلۆجی وەک شارەزا کار دەکات.

لە دیمانەیەکدا باس لە بابەتێکی هەستیاری وەک رەخنە و رۆڵی رەخنەی کوردی لە دروستکردنی تێکستی بەهێز و هەروەها رۆڵی زانکۆکان لە پێگەیاندنی رەخنەگر و هۆکار و پێویستییەکانی پێگەیاندنی رەخنەگر دەکات و ئەو گرفتانە دەخاتە روو کە دەبنە هۆی لاوازکردنی پرۆژەی رەخنە.

* بۆچی نێوەندی زانکۆ رەخنەگر دروست

**کاتێک قوتابی بۆ بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرا وەردەگیرێ چەند مەرجێکی بۆ دادەنێن، ئەو مەرجانە پێوەندییان بە ئاستی رۆشنبیرییەوە نییە**

**هەموو ساڵێک زانکۆکان ئەو هەموو خوێندکارە لە ماستەر و دوکتۆرا وەردەگرن، بەڵام لەوانە کادیری رۆشنبیریی و ئەکادیمیایی وا پێ ناگەیەنن کە نەک تەنیا سوود بە رەوتی رەخنەیی و نووسینی دەرەوەی زانکۆ ناگەیەنن، بگرە بە زانکۆ خۆشی ناگەیەنن**

ناکات؟

– من وای بۆ دەچم، لە هەندێک ڕووەوە لە قۆناغی وەرگرتنی دوکتۆرا و ماستەردا پێوەندیی بە سیستەمی خوێندنەوە هەیە، چونکە کاتێک قوتابی بۆ بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرا وەردەگیرێ چەند مەرجێکی بۆ دادەنێن، ئەو مەرجانە پێوەندییان بە ئاستی ڕۆشنبیرییەوە نییە، بۆ نموونە دەزگا و بەرپرسیارەکانی پرۆسەی وەرگرتن ئارەزوو و بوار پشتگوێ دەخەن و نمرە و تەمەن زاڵ دەکەن، وایان بڕیوەتەوە کە نمرەی ئەوەندە بێت و تەمەنی ئەوەندە بێت، جا سەیر دەکەیت نمرەیەکی زۆری هەیە و توانایەکی باشی هەیە بۆ لەبەرکردن و مانەوە لە چوارچێوەی میتۆدێکی دیاریکراودا، بەڵام ئاستی کەمە، دوورە لە سەرچاوە و خوێندنەوە و خەمی ئەوەیەتی کە بڕوانامەیەک وەرگرێت گرینگ نییە ئەو بڕوانامەیە چییە، ئیتر ئەم کەسە دوور لە ڕۆشنبیرییە کاتێک کە دێنە سەر تێز نووسین، وا هەست دەکەن تازە و بۆ یەکەمین جار دێنە ناو دنیایەکی ترەوە، بۆ نووسینی تێز ئەوان سەرچاوە و کتێب و ڕۆشنبیرییان گەرەکە، ئەوانیش هیچیان لەمانە پێ نییە "کەمیان نەبێ"، ئا لەوێوە وەکو ئەرکێک بۆ ئەوەی تێزەکەی بنووسێت دەیەوێ بە ناچاری ئاشنای کتێب بێت، لە بنەڕەتیشدا ئاشنابوون بە کتێب لەسەر بناغەی ئەشق و خۆشەویستی دەبێت، لە کوێ کەسێک ١٠ساڵێک پێش ئەوە خەریکی خوێندنەوە بووبێت، لەگەڵ ئەوەی تەنیا ئەو ٦ مانگە خۆی بۆ تێز نووسین ئامادە بکات، یان تازە دەستی بە خوێندنەوە کردبێت، ئیتر مەبەستی ئەمانە هەر نووسینی دوو تێز و لێکۆڵینەوەیەکی چەند لاپەڕەییە بۆ ئەوەی پلەیان پێ بەرز بکرێتەوە، دوای ئەوە کاری بە نووسین و خوێندنەوە نامێنێت، کارە ڕۆشنبیرییەکەی ئەو لەگەڵ تەواوبوونی تێزەکەیدا تەواو دەبێت، بەڵام ڕەخنە نووسین، خوێندنەوە و بە دواداچوونی بەردەوامە ئەشق و ماندووبوونە، بە یەک ساڵ و دوو ساڵ تەواو نابێت.

* کەواتە تۆ پێت وایە، دەبێ کادیری چاکیش بۆ ناو خودی زانکۆ ئامادە بکرێت؟

– بەڵێ، هەموو ساڵێک زانکۆکان ئەو هەموو خوێندکارە لە ماستەر و دوکتۆرا وەردەگرن، بەڵام لەوانە کادیری ڕۆشنبیریی و ئەکادیمیایی وا پێ ناگەیەنن کە نەک تەنیا سوود بە ڕەوتی ڕەخنەیی و نووسینی دەرەوەی زانکۆ ناگەیەنن، بگرە بە زانکۆ خۆشی

ناگـەیەنن، هەروەها ئەو قـوتابییـانەشـی لە ناو ئەو هەمـوو ژمـارەیـەدا سـەرئـەنجـام دەبنە قوتابیی رەخنەگر و نووسەری راستەقینە، لە بناغەوە خۆیان ئەو خەونەیان تێدایە.

* بە رای تۆ چارە چییە؟

– بە رای من وا باشە سیستەمی وەرگرتنی قوتابی بۆ خوێندنی باڵا ماستەر و دوکتۆرا بگۆڕن، نمرە نەبێت بە مەرجی توانایی و پێوەری سەرەکی، توانای قوتابی لە خوێندنەوە و رۆشنبیریدا بدۆزنەوە، کەسانێک وەرگرن و بدۆزنەوە وزەی رۆشنبیرییان لەلا بێت، هەروەها مەرجەکان تەنیا بریتی نەبێت لە بوونی مەرجی کارگێڕی بگرە مەرجی دەروونی و ئەزموونیش لە بەرچاو بگیرێت.

ئەمە کارەساتی رۆشنبیریی بەردەوامی لێ دەکەوێتەوە، ساڵێک و دوو ساڵ و دەبن بە مامۆستای زانکۆ و پاش چەند ساڵێک بەرز دەکرێنەوە و سەرپەرشتیاریی قوتابی بۆ قۆناغی ماستەر و دوکتۆرا دەکەن.

* کەواتە رەخنەگرانی دەرەوەی زانکۆ رۆڵی سەرەکی دەبینن؟

– ناڵێم نێوەندی ئەکادیمیایی بەیەکجارەکی خاڵییە لە دەنگی باش، بێگومان دەنگی سەرکەوتوو هەیە و رۆڵیشیان هەیە، بەڵام ئەو دەنگانە زۆر کەمن، پێش بوونیان لە زانکۆدا کاری رەخنەگرییان ئەنجام داوە و کەم تا زۆر وتار و لێکۆڵینەوە یان پێشکێش کردووە، پاشان ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی هەمەلایەنی بڕوانینە رەخنەگرانی دەرەوەش، دەبینین رەخنەی کوردی ئەو هێزەی نییە کە گوڕ و تین بداتە رەخنەی کوردی، گرفتەکە لە نەبوون و کەمیی رەخنەدایە، ئەم بەشە گرینگەی رۆشنبیری وا دەخوازێ کە کەسانی دەوڵەمەند بەرۆشنبیریی رەخنەیی ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان.

* رات چییە بەوەرگێڕانی زاراوەی رەخنەیی؟

– جارێ رەخنەی کوردی لە زاراوەدا دەوڵەمەند نییە، چونکە بە چاکی میتۆدە جۆراوجۆرەکانی بەکار نەهێناوە تا بتوانین بڵێین زاراوە پیادە کراوە، ئەگەر رەخنە هەر خستنەڕووی سەرنجی زوو گوزەر و تەنک و بۆچوونی کەسایەتی بێت، ئەوە پێویستیی بە زاراوە بەکاربردن نییە، ئەوەیشی هەیە زۆری بە دروستی و راستی بەکار ناهێنرێت، هەر

یەکە بە شێوەیەک و بە ئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنێ، تەواو وەک زاراوەی بوارەکانی تری رۆشنبیری، واتە زاراوەکان نەتوانراوە بەو شێوەیە بەکار بهێنرێن کە ئەرکە رەخنەییەکەی خۆی ئەنجام بدات، پاشان زاراوەکان لە زمانی جیاجیاوە وەرگیراون و هەرکەسە و بە شێوەیەک و لێکدانەوەیەکی سەیر لە نێو کارەکاندا بەکار هاتووە.

**رەخنەی کوردی ئەو هێزەی نییە کە گوڕ و تین بداتە رەخنەی کوردی**

* چی دەڵێیت لە بارەی ئەو رەخنەگرانەی کە دێنە سەر باسکردنی داهێنان لە شیعری کوردی، یەکسەر دەڵێن لە نالییەوە تا شێرکۆ بێکەس و پەشێو... هتد، ئایا ئەمە گرتنەبەری رێگەیەکی راستە لە رەخنەی کوردی؟

– بێگومان ئەگەر بەسەرپێیی نەبێت ناگوترێت لە نالییەوە تا فلان، ئەو بازدانە هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە و نابێت، لە نێوان ئەو ناوانەدا چەندان داهێنەر و داهێنان هەبوون، ناکرێت وا لەسەر ئەدەب قسە بکرێت، ئەگەر رەخنەی کوردی هەر لە کۆنەوە بوونی هەبوایە و لێکۆڵینەوەی لەسەر لایەنە جۆراوجۆر و دەنگە جیاوازەکان بکردایە کارەکان و سنووری نەوەکان دیاری بکرانایە، ئەوە نەماندەتوانی بە ئاسانی و بە ئارەزووی خۆمان بازبازێنمان بکردایە، پاشان ناونان و بازدان دەبێ پاڵپشتی رەخنەیی و ئەدەبیی لە پشتەوە بێت، ئەمرۆ بەناو رەخنەگران هەست بە بەرپرسیاری ناکەن لە ناونانی ئەم نووسەر و ئەو نووسەر ئەم شاعیر و ئەو شاعیر بە داهێنەر، پێیان وایە داهێنان هەر بەبڕیارێکی سەرپێیی رەخنەیی دەبێت.

**سەیرە هەن هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە هەر باسی تاکگەرایی و سەرهەڵدانی تاک دەکەن، کەچی روحی هۆزگەریی کۆ بەسەر بۆچوونەکانیاندا زاڵە**

* ئەی لە نێوەندی رۆشنبیری و رەخنەییدا هەست بە زاڵبوونی روحی هۆزگەری و

گرووپگەریەتی ناکەیت؟

– بە زەقی دەرکەوتووە کەسانێک هەن لەسەر ئەم شێوە بڕیاردان و شێوە مومارەسەکردنە دەژین، پشتی یەکتر بەرنادەن، ئەو کەسە هاوڕێمە ئیتر چاو لە خراپییەکانی دەپۆشم، خراپیش بێت هەر باشە، جار جار وا بیر دەکەمەوە نێوەندە عەشایرییەکە باشتر گوێ دەگرێت، رۆشنبیری وا هەیە بانگەشەی شتێکە و کار و کردەوەی شتێکی تر، کاتێک لە تەلەڤزیۆنێکدا قسە دەکەن ناسکن و بە بەزەیین، بەڵام لە ژیان و هەڵسوکەوتی رۆژانەیاندا زۆر دڵرەقن، ئەم دوو روویییە بووە بە دیاردە.



لە شیعردا کەسێکی جوانە، بەڵام لە دەرەوەی شیعر نووسیندا لە جەلاد دەچێت، لە نووسیندا فریشتەیە و لە کرداردا ئەهریمەن، ئەمە گرفتی ئەو کەسانەیە کە بانگەشە بۆ داهێنان و مەزنییەتی ئەم و ئەو دەکەن، ئەمانە هەندێک جار چاک دەزانن ئەوەی دەیکەن راست نییە، بەڵام هەر بانگەشەی بۆ دەکەن.

* ئەم گرووپ گرووپێنە هەر بووە، بەڵام بەلایەنی چاکەدا، ئایا تۆ رات لەم بارەیەوە چییە؟

– لەسەر بنەمایەکی دروست تا رادەیەک لە هەندێک رووەوە گرووپ کاری باش ئەنجام دەدات، بەڵام ئەگەر کوێرانە بێت شتێکی ترە، لە کۆنەوە هەر بەدی کراوە، سەیرە هەن هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە هەر باسی تاکگەرایی و سەرهەڵدانی تاک دەکەن، کەچی روحی هۆزگەریی کۆ بەسەر بۆچوونەکانیاندا زاڵە، ئەمە لە زۆر نێوەند و بواری جیاوازدا بەدی دەکرێ.

من دژی گرووپ و گرووپکاری نیم، بەڵام بە مەرجێک بەرهەم و نوێگەریی پێشکێش

بکەن، بە مەرجێک هەڵگری پەیامێکی نوێ بن، گرووپکاری هەر لەسەردەمە جیاجیاکانی داهێنانەوە هەبووە و بەرهەمیان پێشکێش کردووە.

* تۆ یەکێکی لەو رەخنەگرانەی کە بەدەیە «واتە هەر دە ساڵ جارێک» باسی نەوە دەکەیت؟

- من ئەمە زیاتر بۆ ئاسانکردنی کاری رەخنەیی بەکار دەبەم، ئەگینا باوەڕم بەوە نییە کە هەموو دەیەیەک نەوەیەک بێت و ببێتە دیاردەیەک، جارێ مێژوونووسان نەیانگوتووە بە١٠ ساڵ نەوەیەک سەر هەڵدەدات، بگرە نەوە لای ئەوان چەندان دەیەیە، ئێمە بۆ روونکردنەوە و ئاسانکردنی کارە رەخنەییەکانمان دەڵێین دەیەی حەفتا و شەست یا شەست و حەفتاکان، نەوەی ئەدەبی رووداو و کارێکی گرینگ دیاری دەکات، دەڵێین نەوەی حەفتاکان، چونکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، یا نەوەدەکان جیاوازیی خۆی هەیە، مەرج نییە لە هەموو دەیەیەکدا نەوەیەکی ئەدەبی دەرکەوێت.

* ئەی نەوەی گەنج و نەوەی بەساڵاچوو؟

- من دەڵێم دەقی گەنج و دەقی پیر، نەک نەوەی گەنج و نەوەی بەساڵاچوو، مەرج نییە هەموو دەقێک کە گەنجێک دەینووسێت دەقێکی گەنج و جووڵەدار بێت و هەموو دەقێکیش ئەدیبێکی پیر دەینووسێت دەقێکی مردوو بێت، دەشێت گەنجێک دەقێکی جوان یا ناشیرین بنووسێت، رەنگە پیرێکیش لە حەفتا ساڵیدا دەقێکی جوان بنووسێ، داهێنانەکە گەنج و پیر جیا دەکاتەوە نەک زەمەن، مەبەستم لە بواری ئەدەبی و نووسیندایە.

* تۆ و سیاسەت و پەرلەمان چۆن ئەم سیانە پێکەوە کۆ دەکەیتەوە؟

- مافی هەموو کەسێکە سیاسەت بکات و بچێتە ژیانی پەرلەمانییەوە، من بۆ خۆم دوورم لەو دنیایە ئاواتم ئەوە نییە ببم بە ئەندامی پەرلەمان یا شتێکی تری لەم بابەتە، بگرە ئاواتم ئەوەیە کە بەیەکجاری دەست بەتاڵ ببم یا خانەنشین بکرێم، بە جۆرێک توانای دارایيم هەبێت بۆ خۆم و منداڵەکانم و خەریکی پرۆژە رۆشنبیرییەکانی خۆم بم و کاتم تەرخان بکەم بۆ نووسین.